22140573

International Baccalaureate®
Baccalauréat International
Bachillerato Internacional

**KURDISH A: LITERATURE – HIGHER LEVEL – PAPER 1**
**KURDE A : LITTÉRATURE – NIVEAU SUPÉRIEUR – ÉPREUVE 1**
**KURDO A: LITERATURA – NIVEL SUPERIOR – PRUEBA 1**

Friday 9 May 2014 (morning)
Vendredi 9 mai 2014 (matin)
Viernes 9 de mayo de 2014 (mañana)

2 hours / 2 heures / 2 horas

---

INSTRUCTIONS TO CANDIDATES

- Do not open this examination paper until instructed to do so.
- Write a literary commentary on one passage only.
- The maximum mark for this examination paper is *[20 marks]*.

INSTRUCTIONS DESTINÉES AUX CANDIDATS

- N’ouvrez pas cette épreuve avant d’y être autorisé(e).
- Rédigez un commentaire littéraire sur un seul des passages.
- Le nombre maximum de points pour cette épreuve d’examen est *[20 points]*.

INSTRUCCIONES PARA LOS ALUMNOS

- No abra esta prueba hasta que se lo autoricen.
- Escriba un comentario literario sobre un solo pasaje.
- La puntuación máxima para esta prueba de examen es *[20 puntos]*.





© International Baccalaureate Organization 2014

دەربارەی **یەكێك** لەمانەی خوارەوە بنووسە.

**1.**

داوای لێبووردنەکە، بەرامبەر بە ئەمجەد هێورم دەکاتەوە. بەڵام لە ناخدا هەر دەکوڵێم. توانای لەوە زیاتر دانیشتنم نییە. لە سەرخۆ هەڵدەستمە سەرپێ. جێیان دێڵم و دەکێشێمەوە ژوورەکەم. ئاگام لێیە بەدوامدا دێن و لە بەردەرگەکەدا ڕادەوەستن. گوێیان نادەمێ و لە سەر جێگەکەم ڕادەکێشمەوە. ئەوان قەدەرێ ڕادەوەستن و بەبێدەنگ دەکشێنەوە. وەك ئەوە وایە وازم لێ بێنن، بەدەردەکەی هاوتاوە بتلێمەوە. ئا... دەردەکەی هاوتا... جەخارە گورچکبڕەکە و خەمە دڵپڕووێنەکەی هاوتا و بەسەرهاتەکەی، کە کۆتاییی بۆ نییە کە لە بن نایەت و ناکوژێتەوە. وتم: دایکە مریەم بە چیت باوەڕە، سوێندت بۆ دەخۆم کە من نەبووم و نیم. وتم: دایکە مریەم بە پیرۆزیی ئەو دایکایەتییەت، سوێند دەخۆم کە نەبووم و نیم. کە چی باوەڕی نەدەکرد و نەدەکرد. خۆ بەدەمی نەیدەوت. خۆزیا هەزار خۆزیا بیوتایە... پەنجەی بە چاومدا بکردایە... سەرمی بکێشایە بەدار و دیواردا. بەچڕنووك پێستی ناوچەوان و ڕوومەت و لاملمی شیتاڵ بکردایە و بیوتایە: باوەڕت پێ ناکەم و هەر تۆیت و تۆیت. کەچی نەیدەوت و نەیدەکرد. هەموو جار روخسارێکی گریاناویی بۆ هەڵدەبڕیم و بە دوو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، تەنیا نیگایەکی سیخناخ لە گومانی تیژ دەچەقاندە ناو چاومەوە ئیتر، وەك دڵی بەرایی نەدا لەوە زیاتر ئازاری ئەو نیگایەم پێ بگەیەنێ، بە کەساسییەوە لێمی لادەدایەوە. منیش ئەو ساتانە لە دڵدا، لەعنەتی خۆمم بە سەر هاوتادا دەباراند. ئاخر هاوتا... چیمان لە یەکتر جودا بوو؟! ئاخر تۆ بەچی لە دایك، باوك، من، هاوژین جودا بوویت، هەتا بەو دەردە بچیت؟! هەتا خۆت بەو دەردە بەریت؟! خۆ ئێمە قەت لە یەکتر دانەبڕاوین. یا ئەگەر ڕاونان و ڕاکەڕاکەی ترسی گرتن، یا پێویسیی کاری حیزبی و بە فەرمانی حزب بۆ ماوەیەك لە یەکتری دابڕاینەوە، زوو یا درەنگ هەموو بە یەکتر شاد دەبووینەوە.

حسەین عارف، شار (2011)

.2

**شار**

گوڵم!
دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
ئەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم
عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتزارەکەت
وەڕەز بوو گیان من لە شار و هاڕە هاڕی ئەو
لە ڕۆژی چڵکنی نەخۆش و تاوویاوی شەو
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
لە شاری چاو لە بەرچرای نێئۆن شەوارەکەت
بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم
چلۆن بژیم لە شارەکەت
[…]
لە شارەکەت، کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە
مەلی ئەوین غەوارەیە
دەڵێی لە دەوری دەست و پێم
ئەوەی کە تێل و تان و ڕایەڵە، کەلەبچەیە
ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە
ئەوەی کە دارە تێلە، مەزهەری قەنارەیە
لە شارەکەت کەمەندی دووکەڵە
کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند
وە تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند
[…]
گوڵم! هەرێمی زۆنگ و زەل
چلۆن ئەبێ بە جاڕە گوڵ؟
لە شاری تۆ، لە بانی عەرشە قۆندەرەی دڕاو
[…]
کێ لە شاری تۆ، لە شاری قاتڵی هەژار
گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ؟
منێ کە گۆچی تاووی گەرمی بەردەوارەکەی عەشیرەتم
[…]

سوارە ئێلخانی زادە، زەمزەمەی زوڵاڵ (2007)